# زەكاتی ماڵی بەدەست هاتوو

[ kurdish – كوردی – كردي ]

**دەستەی بەشی زمانی كوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس**

**پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز**

2012 - 1433

IslamHouse.com

# زكاة المال المستفاد

« باللغة الكردية »

فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# زەكاتی ماڵی بەدەست هاتوو

**پرسیار** : من كەسێكم بازرگانی دەكەم ئەو دەست مایەیەی كە بەدەستمەوەیە قازانج دەكات، ئایا ئەو قازانجەش دەبێت ساڵی بەسەردا بگەڕێتەوە ؟ خوای گەورە پاداشتی خێرتان بداتەوە .

**وەڵام** : سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفى وئال وبەیت ویار ویاوەرانی هەتا هەتایە .

مەبەست لە ماڵی بەدەست هاتوو : ئەو قازانجەیە كە خاوەنەكەی لە بازرگانی كردن، یان لە بەرهەمی ئاو ئاژەڵانەوە دەستی دەكەوێت كە بەخێویان دەكات، ئەمەش زەكاتەكەی لە گەل زەكاتی سەرمایەكەیدا دەردەكات، وە

سەیری ئەو ناکرێت ئایا ساڵی بەسەردا گەڕاوەتەوە یان نا، خۆ ئەگەر هاتوو ئەو ماڵە بەدەست هاتووە قازانجی بازرگانی یان بەرهەمی ئاژەڵ نەبوو، ئەو کاتە چاوەڕێی گەڕانەوەی ساڵ دەکات بەسەریدا، ئەگەر هاتوو گەشتبووە ڕادەی واجب بوونی زەکات تێیدا، پاشان زەکاتەکەی دەردەکات، بۆ نمونە ئەگەر کەسێك برادەرێکی بڕێك پارەی وەك دیاری پێدابێت، یان بڕێك پارەی وەك میرات بۆ بەجێ مابێت، لەم کاتەدا دەبێت ئەو ماڵە ساڵی بەسەردا بگەڕێتەوە .

خوای گەورەش زاناترە .